وەزارەتی تەندروستی

ژمارە: ١٠٤٣٦ لە ٢٠٢٦/٦/١

پاڵپشت بە مادەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:

ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٦

ڕێنمایی تایبەت بە بەکارهێنانی دەرمانی دژە میکڕۆبەکان (Anti Biotics)

ماددەی (١): پێناسەکان:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

٤- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان.

٥- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

٦- **بەشی بەرگری دژە میکڕۆب** (RMR): بەشی بەرگری دەرمانی دژە میکڕۆبەکان لە وەزارەتی تەندروستی.

٧- **بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی:** بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە وەزارەتی تەندروستی.

٨- **بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچوون:** بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی وبەدواداچوون لە وەزارەتی تەندروستی.

٩- **سەندیکای پزیشکان:** سەندیکای پزیشکانی کوردستان.

١٠- **سەندیکای دەرمانسازان:** سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان.

١١- **دژە بەکتریاکان** (Anti biotics): بریتیە لە دەرمانە دژە بەکتریاکان.

١٢- **گایدلاین:** ڕێنمایی زانستی تایبەتمەند بە بەکارهێنانی دژە زیندەییەکان.

١٣- **ڕاچێتەی پزیشکی:** ئەو ڕاچێتەیەی پزیشکی پسپۆڕ دەینوسێت و پێویستە (بڕ و کاتی بەکارهێنانی دەرمانی دژە میکڕۆبەکانی) لەسەر دیاری بکرێت.

١٤- (Reserve): پۆلێنی جیهانی بۆ دژە میکڕۆبە هەستیارەکان.

١٥- **چاندنی تاقیگەیی** (Culture): چاندنی تاقیگەیی بۆ دەرمانە دژە میکڕۆبە هەستیارەکان.

١٦- **دەرمانی دژە زیندەییەکان** (Anti Microbial): بریتیە لە دەرمانە دژە زیندەییەکان.

ماددەی (٢):

پێدانی گشت دژە میکڕۆبەکان دەبێت تەنها بەڕاچێتەی پزیشکی پسپۆڕ بێت کە پێویستە ڕاچێتەکە (بڕی ژەم و ماوەی بەکار هێنانی دژە میکڕۆبەکە)ی تێدا نوسرا بێت وە بۆ یەک جار بەکاربهێنرێت.

ماددەی (٣):

پێویستە پزیشکی پسپۆڕی چارەسەرکار دەرمانی دژە میکرۆبەکان بە(گایدلاین) بۆ نەخۆشەکە بنووسێ بەپێی بنەمای زانستی و پلەبەندی پێویست، و ڕێبەری بەکارهێنانی دەرمان (گایدلاین) لەلایەن سەندیکای پزیشکان ڕێک بخرێت و دواتر لەلایەن وەزارەتی تەندروستی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و دەبێت پزیشکان پابەندی ئەم ڕێبەرە بن لەکاتی نووسینی دەرمانی دژە میکرۆب.

ماددەی (٤):

بۆ ئەو دژە میکرۆبانەی تایبەتمەندن و هەستیارن بە پەیدابوونی بەرگری میکرۆبەکان بەپێی پۆلینی جیهانی گرووپی (Reserve) پێویستە پشکنینی چاندنی تاقیگەیی (Culture) هەستیاری بۆ بکرێت و دوای ئەوە پزیشکی تایبەتمەند بڕیاربدات بۆ نەخۆش بنووسێت.

ماددەی (٥):

پێویستە سەرجەم دەرمانخانەکان تۆماری هاتوو دەرچووی ژمارە و جۆری دژە میکرۆبەکانی هەبێت، و لێژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون لەکاتی سەردانی کردنی دەرمانخانەکان پشکنین بۆ ئەم تۆمارە بکەن.

ماددەی (٦):

پێویستە دەرمانی دژەمیکرۆبەکان تەنها لەدەرمانخانە فەرمیەکان و مۆڵەت پێدراوەکان و ئەوانەی کە لە سەندیکای دەرمانسازان مۆڵەتی هەیە بفرۆشرێ و ستیکەر و مۆڵەتی بەکارهێنانی وەزارەتی تەندروستی هەبێت لەبەر ئەوەی تەنها بە ڕاچێتەی پزیشکی چارەسەرکار دەدرێت بە نەخۆش وە لەشوێنی نافەرمی و نۆرینگە لاکۆلانەکان نابێت بەهیچ شێوەیەک بدرێت بەنەخۆش و هاوواڵتیان و بازرگانی پێوەبکرێت بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە.

ماددەی (٧):

دانانی سیستەمێک بۆ گشت دەرمانخانەکان (گشتی وتایبەتی) کە وەکو تۆمارێک بێت بۆ مەبەستی پێدانی دەرمانی دژە میکرۆبەکان (Anti Microbial) بە نەخۆش وەبەڕاچێتەی پزیشکی پسپۆڕ.

ماددەی (٨):

جێبەجێکردنی پلانێکی تۆکمەی هۆشیاری کەهەڵمەتی ڕاگەیاندن لەخۆ دەگرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەهاوکاری بەشی ڕاگەیاندن و سەندیکای دەرمانسازان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی سەبارەت بەمەترسیەکانی بەکارهێنانی دژە میکرۆب بەبێ جیاوازی لە کۆمەڵگادا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی هۆشیاری بەکارهێنانی دەرمانی دژە میکرۆبەکان (Anti Microbial) بەبێ ڕاچێتەی پزیشکی لە گشت نەخۆشخانە (گشتی وتایبەتی) یەکان بۆ پزیشکان وکارمەندانی تەندروستی لە لایەن کەسانی پسپۆڕ لەم بوارە بەسەرپەرشتی وەزارەتی تەندروستی.

٢- ئەنجامدانی (وۆرک شۆپ و کۆنفرانسی زانستی) دەربارەی هۆشیاری دەرمانی دژە میکرۆبەکان (Anti Microbial) بە شێوەی بەردەوام بە سەرپەرشتی وەزارەتی تەندروستی.

٣- بڵاوکردنەوی هۆشیاری دەرمانی دژە میکرۆبەکان (Anti Microbial) لەڕێگەی سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنەکان.

٤- پابەندکردنی دەرمانخانەکان بە پێدانی هۆشیاری سەبارەت بە دەرمانی دژە میکرۆبەکان (Anti Microbial) بۆ هاوواڵتیان.

٥- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی بۆ شوێنە گشتیەکان.

ماددەی (٩):

لێژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون و چاودێری داموودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی چاودێر دەبن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە لەرۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

ماددەی (١٠): سزاو ڕێکارەکانی یاسایی:

١- هەر دەرمانخانەیەک پابەندی ئەم ڕێنماییانە نەبێت سزای پێبژاردن دەدرێت بۆ جاری یەکەم بەبڕی(٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی و لەکاتی دووبارە کردنەوەی بۆ جاری دووەم سزا دەدرێت بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری عێراقی.

٢- هەر پزیشکێک پابەندی ئەم ڕێنماییانە نەبێت نۆرینگەکەی سزا دەدرێت بە پێبژاردن بەبڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ جاری یەکەم و لەکاتی دووبارە کردنەوەی بۆ جاری دووەم سزا دەدرێت بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری عیراقی.

٣- هەر شوێنێک جگە لە دەرمانخانە دەرمانی دژە بەکتریاکانی هەبێت یاخوود بیخاتە ڕوو یاخوود بیفرۆشێت بە نەخۆش بۆ یەکەم جار سزای پێبژاردن دەدرێت بەبڕی(١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری عیراقی وە بەڵێننامەی لێ وەردەگیرێت وە بۆ دووبارەکردنەوەی بۆ جاری دووەم ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

٤- هەر کۆمپانیایەکی دەرمان یان کۆگایەکی دەرمان دژە میکرۆبەکان بفرۆشێت بەشوێنێک کە دەرمانخانەی فەرمی نەبێت، بە پێبژاردن سزا دەدرێت بەبڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠)دوو ملیۆن دیناری عیراقی.

٥- شوێنکاری هەر خاوەن پیشەیەکی تەندروستی دەرمانی دژە میکرۆبەکان بە نەخۆش بفرۆشێتەوە سزای پێبژاردن دەدرێت بەبڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری عێراقی.

ماددەی (١١):

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

ماددەی (١٢):

ئەم ڕێنماییە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

د. سامان حسین بەرزنجی

وەزیری تەندروستی